

# هۆ نەنە گییان
# ئەو دەرگایەم لێکەرەوە

ئەم دێڕانە

دیاریین بەو چاوانەی

لەڕۆژی چەمە گریانی

(ئەنفال) دا

ئەشکییان دەبێ بە هەناراوی ئاڵ و

چاویشیان بە هەناری پایزە هەناران

ئیسماعیل خورماڵی

هۆ نەنە گیان ، کێ لەماڵە

کێ دڵەکەی بۆ خەمی من ، باخە نەیجەی بە شمشاڵە ؟

کێ لە بەردەم پرسی مندا ، وەڵامی ئەو ، فڕینی ئەو پڕ وە باڵە ؟

هۆ نەنە گیان ، ئەو دەرگایەم لێکەرەوە ، خوا ماڵی نان و بەهەشتت لێ کاتەوە

خوا سەر شان و نانە شانت ، بە قەڵادا بەرێتەوە

هۆ نەنە گیان ، نەنەی هەمووان ، نەنەی ساڵە ژەهراوییەکان

من نە نانم دەوێ و نە ئاو ،

نە گجییم دەوێ و نە پێڵاو

سەردارم نەنە گیان سەردار ،

کوڕە بچکۆلەکەی (حەمەتاڵ)

ئەو پیاوەی خۆت لە ناو دێ بە دار هەنار بانگت دەکرد و

زۆر جار بە شۆخییەوە ، بە دایکم و ژنانی لا کۆڵانت دەووت

ئەو هەتیوەی (ئایشێ) کراسی وا لەبەر دەکا و

پشتوێنی وا ئەجەڕێنێ و

نیوەڕۆیان

زمسان بێ یان تاوسانی سوور

باریکە شۆخ ،

که بەو کوچە تۆزاوییانەی ئاواییدا ، دێت و دەچێ

ئێژی دار هەناری قیتە و

ڕێ لە کچی سێبەری دار بەییان دەگرێ و

ئەمیش

وەک لالە حەمەکەی باوکی

وەک ئەوەی بە گوڵە وەردێکی کێڵراودا ، تۆو بڕژێنێ

تۆوی تەزوو ، بە هەناوی ژنگەلی دێدا دەڕژێنێ و

وە بێ دەف پیر دەنێتە زکری دەروێشان

پیر دەباتەوە سەر کەڵکەڵە و سەر چەمی ، زەمانی گوڵ

هۆ نەنە گیان (سەردار)م سەردار ،

کوڕەکەی ئاسکە و کوڕەکەی ئەو دار هەنارە باریکەلە و باشقڵەم

ئەو دەرگایەم لێکەرەوە ،

لەو ڕۆژەوە ،

خێڵە سەگ و خێڵە گورگ

ئێوارەیان لە دێیا هەڵپڕوزان و

گریان وە قورئان و وە حوجرە و ماڵی خواوە نا و

گریان وە کانی و بۆیسان و تاقە داری سەر حەوزی ژنانەوە نا و

کەروێشکیان بە لاوکی قوونەوە سوتان و

منالێیان لە چەمی لایلایە دا خنکان

لەو ڕۆژەوە  هۆ نەنە گیان

پیاوانی بیابان و دۆزەخی سوور

مقەستیان لە کەتانی جریوەی باخ نا و

وەک لەگەن سرووشتیان دەمە و نخوون کرد و

لەم گەرمیان و لەم شووانەدا

تا بۆقیلە سەوزەکانی بان بەردانیشیان فەرهوود کرد

لەو ڕۆژەوە ،

هۆ نەنە گیان ، ئافاتە خێڵ ، هاتن و هاتن و

سەوزاییان لە ئاوایی بڕی و

دەمی ئاویان لە ئاوایی بڕی و

نەسیمی نالییان لە ئاوایی بڕی و

لەو ڕۆژەوە ،

ئەو جنۆکە ئافات نشینانانە هاتن و

لەسەر حەوزی مزگەوتی دێ

ڕۆژوویان بە خوێنی ماسی و مەخلووق دەشکان

لەوڕۆژەوە ، نەنە گیان من

هەنارە باشقەڵەکەی باوکم بزرە و

وەک چلێ ، (با) چەتە بیبا ،

بردییان و ئەو نەهاتەوە

وەکوو سێوی ڕۆشناییەک ،

لە بەرچنەی مانگە شەوا

زۆڵی تەم و هەور بیبەن ،

بردییان و ئەو نەهاتەوە

وەکوو قوونەی بۆرە کەروێشک ،

لە کەروێشکەی سەوزە دەغڵا

تاژی و سەگ و گوورگ بیبەن

بردییان و ئەو نەهاتەوە

هۆ نەنە گیان ئەو دەرگایەم لێکەرەوە ،

خوا ماڵی نان و بەهەشتت لێکاتەوە

خوا سەر شان و نانە شانت ، بە قەڵادا بەرێتەوە

خوا ماڵ و بەرماڵت بە گوڵی ئیماندا بەرێتەوە

دەی نەنە گیان ، لە خەیاڵان ڕاچەنێ تۆ

عەساکەت بگرە و ئەو قاپییەم لێکەوە تۆ

هۆ نەنە گیان

چیت لەدەستە وەلای نێ تۆ

لە بێژنگ و هێلەک گەڕێ

لەسەردۆڵە و هەویری کولێرە گەڕێ تۆ

سەردارم سەردار نەنەگیان

ئێژی دەنگم نا ناسییەوە ،

(گوڵە بەڕۆژەکەی ئاسکە و حەمە تاڵم)

سەر پرژی لای دار هەنارە باشقاڵەکەم

کوڕە بزێوەکەی حەمە تاڵم ، نەنە گیان

لەو ڕۆژەوە خێڵە سەگ و خێڵە گورگ

جنۆکە ئافات نشینەکانی عەرەو

ئێوارەیان لەبەر دێیا تاسان

هۆ نەنە گیان ، کەمێ پێش وان ، پێش مل ووردکردنیان بۆ ئەمێ

دار هەنارە باشقاڵەکەی باوکم

چوو (مەمە) بۆ (شیلان)ی خوشکم بسێنێ و

(تۆپ) و(پسکیت) بۆ من بێنێ و نەهاتەوە

چوو (چکلێت)ی کاغەز سوور بۆ (شلێر) بێنێ و

لە دووکانەکەی مام عەولا

کەمێ خەنە و

شانەیەک بۆ ئاسکەی دایکم بێنێ و نەهاتەوە

نەنە هانا

لەو ڕۆژی فەرهوود و ئافاتەوە باوکم ڕۆیی

ڕۆشت و نەهاتەوە

نە هاتەوە و

نە مەمە وپسکیتی هاورد

نە شانە و خەنە و چکلێتی هاورد

دەی نەنە گیان

ئەساکەت هەڵگرە و ئەو قاپییەم لێکەوە

بەم قوڵپی وڕک و هەنسکەم تێمەکەوە

(زوڵفە قاری) لای (هەیاس) نیم ، سوڵتانی ووڕک و گڕۆس نیم نەنە گیان

سەردارم نەنە گیان سەردار ،

گوڵە بەڕۆژەکەی ئاسکە و حەمە تاڵم

بمگەرێ تۆ ، چیت لەدەستە فڕێی دە تۆ

وە پشتوێنە گوڵگوڵەکەی باوکم سوێنبێ

وە مزرۆکە و چیرۆکی تۆ سوێن بێ

هۆ نەنە گیان

نە (بنێشت)ی ناو فەقیانە و

نە (هەڵووژە)ی ناو کۆڵوانەم دەوێ !

نە (ڕیشۆڵە)ی ژێر سەوەتە و

نە (چۆلەکە)ی پا تەزیوی بەورم دەوێ و

نە (گلۆرە)ی تەشی بەن و

نە (گەمە)ی دەوری خەرمانم دەوێ !

وە دەسڕە سوورەکەی بەر پشتوێنی باوکم سوێن بێ

وە بێڵ وپامەڕە و ڕادیۆ ژەنگاوییەکەی باوکم سوێن بێ

هۆ نەنە گیان هیچم ناوێ ، تەنیا و تەنیا ، سۆراخێکی

دار هەنارە باشقەڵەکەی باوکم نەوێ ، هیچم ناوێ

بە ڕووتەنی و کەوشی شڕی خۆم قایلم

وە بێ مەیلی شۆڕش و خوای خۆم قایلم

ئەوەی لە خوا و ئێوەم ئەوێ ،

ئەوەی لە خوا و

شۆڕش و دابان نشینەکانم دەویٚ

تەنیا و تەنیا

گۆرانییەکی گوێباخی حەمەتاڵ و

بۆنی لاملێکی تووتناوی و

قریوەی ئێوارەیەکی ئەو نەویٚ ، من ، هیچم ناویٚ

هیچم ناویٚ

تەنیٚ نەنە جارێکی تر ،

لەو نێو چەقی حەوش و پەرژینەدا

لەودیو گوڵە شەست پەڕەکانی سەر سەکۆوە ،

وەپاڵ کۆڵەکەی سەوزەکەی هەیوانەوە ،

حەمە تاڵ ، وە زووانێکی نوقڵ و مەسکەتتیانە بیژیٚ

بیژیٚ سەردار ، گزگلە سەر ، بێڵە تاویٚ ، گوێم لەو ئیسگەیە بیٚ

منی نەحس ، هەر قڕەم بیٚ ، ئەوێش بیژیٚ

ئا ئاسکە ، لەوێوە جورمێکی بە و بڵیٚ

باووچانیٚ ، بەو گاڵە و قاڵەیەی بەخشیٚ

کچیٚ ئاسکە ، با بزانین دنیا مل بە کوێوە دەنیٚ و

ئێمە لە کوێی دەنگ و باس داین ؟

**با بزانین**

**(دەنگی شۆڕش) سەر بە کوێوە دەنێ و**

**(بەڕوو ) پشتی چ ئاگرێ تێک دەشکێنێ و**

**زووقمسانی ئەم کێوسانە ،**

**ئاسکی وورە بە دابانی کوێدا دەبا ؟**

**هۆ نەنە گیان**

**شۆڕش هات و .. من .. دار هەنارەکەی باوکم نەهاتەوە**

**شۆڕش هات و ئاوەدانی من و ئاسکە نەهاتەوە**

**هەرێم هات و سەرۆک هات و نەسیمی من و (شلە)ی خوشکم نەهاتەوە**

**باران هات و بارووت هات و چەترەکەی سەر ماڵی ئێمە نەهاتەوە**

**دەی نەنە گیان ، عەساکەت هەڵگرە و ئەو قاپییەم لێکەوە**

**بە وەڵامێ ، وە چۆڕێ ناز ، وە چیرۆک و سەر بوردەیەک**

**تووتڕکی ئەم هەموو ئاگرەم لێ دوور خەوە و**

**نەنەگیان تۆ ، تۆ پێم بێژە**

**کەی قەیاغی ئەم هەموو پرسە خۆیان لە مەوجی وەڵام ئەدەن ؟**

**کەی ، کەی ، ئەو هەموو جریوە غەریبانە ،**

**بەم سەرچڵە پەژموردانە ئاشت دەبنەوە ؟**

ئەو ماسییە تۆراوانە کەی ، بەم چەمانە دەگەنەوە ؟

هۆ نەنە گیان تۆ ، تۆ ، بێژە

کەی حەمە گیان لە بیابان ، ئۆغر دێنێتەوە و

لە تەک خۆیا ئاوەدانی دێنێتەوە و

نیوەڕۆیەک

پشوویەک و لەهەیوانا

لە هەیوانا ، پشتوێنەکەی (ئەنفال) ی لێ شل کاتەوە

نەنە گیان تۆ بێژە کەی ، کەی ، باوکم لە عەرعەر دێتەوە و

لەوحەجە کەی (کامێرەی لم) مان بۆ دێنێ !

هۆ نەنە گیان ئەو دەرگایەم لێکەرەوە ،

خوا قاپی نان و بەهەشتت لێکاتەوە !

دوا جار لە نێو خەرمەنی ئەو هەموو پرس و ڕووانینەدا

لە نێو خوڕەی ئەو هەموو کوڕووزاننەوە و هاوارەدا

نەنەی عاسی ، نەنەی عاسی لە بەرسڤان

لە ژێر لێوە لەرزەی سەرێکی کزۆڵ و لەرزۆکەوە

وەک بێژی لەوسەر بیابانی خەیاڵان بێتەوە وا

وەک بێژی نووزەی چلە گیای بن بەردان بێ و

لە با زەردەی زەردەپەڕان بێتەوە وا

وەک بێژی دەنگ ئاو بێ و وە بێژنگی هەنسک لە گۆزەی کەی

نەنە لە وورتەیەکدا ، سەورتان وێ وا هاتم ،

دەنگێکی تر و نۆویی ، ئێژم وا هاتم

ئەوە کێیە وەچنگی قیژە و ەقاپێ دڵما دەکوتێ و

ووشکە هەرێزی برینم وەشین دێنێتەوە و

لەم کەلاوە واقوڕماوەی خۆمدا و

لەم حەوشە تەنگەبەر و بێ باوانەمدا

جامە ڕزقی بانگ و سەڵام وە بین ئەنێتەوە ؟

نەنە گیان منم سەردارم سەردار ، کوڕە بچکۆلەکەی  ئاسکە و حەمەتاڵ

ئەوە تۆی باوانی باوان ، ئەو کۆتەرە لادە و بێ ژوور

ماڵی بێ باوان و  کەلەوەری بێ باوان خۆم

حەوشەی بێ برازا و بێ کوڕ و کەیوانووی بێ کوڕ خۆم

حەوشەی بێ دووکەڵ و  دارجگەرەکەی دەرویش خۆم

ئەوە تۆی باوانی باوان  ، وەی چۆلەکەی لە باخ لانە هەر تۆ تۆ ماو

بێ ڕۆڵە گیان ئەو دۆشکلە لە ژێرت نێ و

با کەمێ لەوبەر هەتاوە تاو سەندووەدا

له داماوی ئەم نیشتیمانەت بۆ باسکەم ،

ئەوەندەی بتوانم ڕۆڵە ، لەئاوی پرسەکانت بەم ،

هەرچەن ڕۆڵە ئەوپرسانە ، نەڕەنگی تۆن ، نە عوومری تۆن

ئەوە پرسی ڕەزن یان تۆ ؟

ئەوە پرسی شاخن یان تۆ ؟

ئەوە پرسی سەرانی خاک و شۆڕشن یان تۆ ؟

ئەوە پرسی غەوز و شێخ و نوورانییانن یان تۆ ؟

ئەوە پرسی پێغەمبەر و خودان یان تۆ ؟

وەی وی وەی لە پرسی خەڵفی (حەمەتاڵ) وەی

وەی لە گڕی خوا سووتی ئەولادی (ئاسکە) وەی

وەی لە دەشتی بە زوخاڵی (جافەتی) وەی ، وەی لە قەتار و کۆتەرمی (بادینان) وەی

وەی وەی لە هەڵەبجەی تازە مەکە و بەردی ڕەش وەی وەی

وەی وەی وەی لە فیشکەی مار و وەی لە سەگی ناو بیابان و

وەی وەی لەزەمانی زوڵم و خوا هەوری خوێن

وەی وەی لەزەمانی شەرم و دەستە پاچەیی خۆشمان وەی

وەی وەی وەی لە کاسە لێسی گورگ و وەی لە جارێ تر متمانە و خڵەتاندن وەی !

ڕۆڵە نان و دۆکەت خۆ چێترە لە شەکوا ، چێترە لەو هەموو خورەمی پرسیارە

شەكوا لە كێ و بۆ كێ ؟ پرسيار لە كێ و بۆ كێ ؟

كە ئێمە خۆمان بازۆڵەی ئەنفالچيان قەوی كەين و

ڕێنەدەين وەک سەگ پەت كرێن ،

پەت كرێن و لە چاويانا ، گۆڕی هەزار يەک حەمەتاڵ وەبينين !

پەت كرێن و لەدەشتی ژارە خوێنيانا ،

ئاسكی هەزار و يەک مناڵ ، كەخواردەی سەگ بوون وەبينين !

پەت كرێن وپلاوپليان وە سەگ بدرێ ، نەک وە قەور

ڕۆڵە شەكوا لە كێ و بۆ كێ

كە ئێمە خۆمان دەمی ئەو ڕۆژنامانەش هەڵدەدوورين

باس لە قەنديلی خوا كەژ و باس نەک لە تەوار باس لە بازە ژن دەكەن

باس لە دێی خاپوور خاپوور و باس لە گوورگی هاوسێ دەكەن !

ڕۆڵە نان و دۆكەت خۆ چێترە ، نەنەت مرێ

شەكوا لە كێ و بۆ كێ ،پرسيا ر لە كێ و بۆ كێ !

تێبينی / بە سوپاسەوە ئەو وێنانەم لە (گۆواری تاو) وەرگرتوووە .